شیعر



سەلام محەمەد

# كون فەیەكوون



ساڵەهایەكە،
بە كۆمەڵێ ئەدرەسی جیاجیادا
نامەیەكم بۆ خودا ناردووە
هەموو شەوێك بەر لە خەوتن
سنووقی پۆستەكەی عەقڵم دەكەمەوە
وەڵام نییە
گشت بەیانییەك،
بەر لەوەی كە دەموچاوم بشۆم
سەرنجێكی پۆستی دەرگای شوقەكەم دەدەم
وەڵام نییە
ڕۆژانە ئەو نامەیە كۆپی دەكەم
بۆ هەموو ناوونیشانەكانی
زەوی و ئاسمانی دەنێرم
وەڵام نییە

چەند جارێک خستوومەتە شووشەیەکی بچووکەوە و
فڕێم داوەتە ناو دەریای قووڵەوە
وەڵام نییە
کاتێ منداڵیش بووم
نامەکەم بە کۆلارەی کاغەزەوە دەبەستەوە
هەموو کەتیرەکەم دەکردەوە و
پاشان دەزوولەکەم دەپچڕان
وەڵام نییە
لە زۆربەی رۆژنامە گەورەکانی جیهاندا
بە زمانی جیاواز ئەو نامەیەم بڵاو کردۆتەوە
وەڵام نییە
***
_ من هەرگیز وەک ماغووت ناڵێم خوا نەخوێندەوارە
بۆیە وەڵامی نامەکەم ناداتەوە
بەڵام دەپرسم
لەو ئۆقیانووسە بێ کۆتاییە پڕ لە هیدایەتەی
ئایا ناکرێت
بە کون فەیەکوونێک
دڵۆپەیەک لە ئارام و
دڵۆپەیەکیش لە ئاسوودەیی
بخاتە دڵە ئاگرەکەی کەرکووکەوە....



ڤێستەرۆس ـ سوێد ـ ٢٠٠٨

# عەدالەت خان

عەدالەت خان،
هیچ شاعیرێک توانای وەسفی
شێوە و جوانی و تام و بۆن و
دەنگ و رەنگی تۆی نییە
ئەوەتەی مێژوو هەیە تۆیش هەیت،
هەر لە حامۆرابییەوە تا دەگاتە
فەیلەسووف و گرووپ و ئەکادیمیاکانی ئەمڕۆ
باس تەنیا باسی نازداری و شۆخ و شەنگی تۆیە
هەر کەسێکیش،
بە جۆرەی بەرژەوەندی خۆی
چەکی بیر و چەکی هێزی
خستۆتە کار و
لە پێناوی تۆدا خەبات دەکات
رۆژێک ناوت دەنێن: دیموکراتی
رۆژێکی تر دەبێت بە: سۆشیالیستی
جارێک دەتکەن بە پرۆلیتار و جارێکیش بە شۆڤینی
ئینجا فراوانترت دەکەن و
ناوت لێ دەنێن: سۆسیال دیموکرات
هەندێک دەتکەن بە: موجاهید و
هەندێکی تر بە: بیروکرات
عەدالەت خان گەلێ جەنگی گەورە گەورە
لە پێناوی تۆدا بەرپا بووە



هەردوو بەرەی شەڕکەری گشت جەنگێکیش
لافی خۆشەویستی و لایەنگری تۆ لێ دەدەن
تەورات و ئنجیل و قورئان

له پێناوی تۆدا هاتوون،
چ بەزمێکت ناوەتەوە عەدالەت خان
تۆ تەنها هەر خۆتی
یەک وشەیت و
بە هەزاران واتایان بۆت داڕشتووە
کە جیاواز و دژ بە یەکن
زۆر جاریش ئەو جیاوازییە
دەبێتە هۆی دژایەتی و
کوشتار و تەفروتونابوون
بەڵام تۆ خۆت جوانی جوانان عەدالەت خان
چاک چاک دڵنیای دەمێکە
هەتک کراویت و پەردەی کچێنیت نەماوە
سەدان و هەزاران هیتلەر
بە (سیغە) مارەیان کردی و تەڵاقیان دای
تەنیا هەر خۆتیش دەزانیت
لە مێژووی مرۆڤایەتیدا
چەندین ملیۆن بێچووە (سیغە)ی
نهێنیت لێ کەوتۆتەوە..
٢٠٠٨/١١/٠٥ـ ڤێستەرۆس



## خودایە گیان

خودایە گیان ئەگەر دایە حەوا
ئەو سێوە نەفرەتی و شوومەی نەخواردایە
ئێستا من لە بەهەشتدا
دەبووم بە باغەوانی رەزی ناسکە سێو
هەتا هەتایە هەموو رۆژێک
سەبەتەیەک سێوم بۆی دەبرد

خودایە گیان
خۆ تۆ بە تۆبەیەک
گەورەترین گوناهبار دەبەخشیت
ئەی نەدەکرا لەسەر هەڵەیەکی
زۆر زۆر بچووکی دایە حەوا
ملیارەها ئینسان
لە مێژوویەکی خوێناوی رزگار بکەیت
خۆ ئەوەی لەم سەرزەمینەدا
رووی داوە و روو دەدات
هەرگیز بە هەڵەی سێو خواردن
بەراورد ناکرێت.

